نرخی ئاوگۆی دۆلار لە بازاڕەکانی بەغدا و هەولێر دابەزی لێگەڕ کردنەوەی بەرسی سەرکی دراو

ئەمڕۆ چوارشەممە نرخی ئاوگۆی دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی بەغدای پایتەختی عێراق و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دابەزی لێگەڕ کردنەوەی بەرسی سەرکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

نرخی دۆلار لە بەرسی دراوی کیفاح و حارسیە لە بەغدا دابەزیوە و گەیشتە 150.300 دینار بە هەر 100 دۆلارێک، بەراورد بە نرخی دوێنێ سەشەممە کە 150.350 دینار بوو بە هەر 100 دۆلارێک.

نرخی فرۆشتن لە دوکانەکانی ئاوگۆ لە بازاڕە ناوخۆییەکانی بەغدا دابەزیوە و نرخی فرۆشتن گەیشتە 151 هەزار و 250 دینار و کڕین گەیشتووەتە 149 هەزار و 250 دینار بە هەر 100 دۆلارێک.

لە بەرسی دراوی هەولێریش، بەهای دۆلار دابەزیوە و نرخی فرۆشتن لە دوکانەکانی ئاوگۆی دراو گەیشتە 150 هەزار و 100 دینار بە هەر 100 دۆلارێک، لەکاتێکدا نرخی کڕینی دراو 150 هەزار دینار بووە بە هەر 100 دۆلارێک.